# گێڕانەوەی بەسەرهـ



(زانا) کە ئێستا تەمەنی لە سەرووی (بیست) ساڵییەوەیە، هەمیشە بە جۆرێکی تایبەتی باس لە منداڵێتی خۆی دەکات و بە ئەزموونێکی ترسناکی دادەنێت، ئەو لە منداڵییەوە تووشی شۆك هات، وەك خۆی دەڵێ نازانێ (دایکایەتی) مانای چییە و ئەزموونی نەکردووە، ئەو وەکو منداڵانی دیکە، دایکی خۆش ناوێت، یان راستتر وایە بڵێین نەیتوانیووە دایکی خۆش بوێت، بەڵام لەگەڵ هەندێش ناتوانێ رقی لە دایکی بێتەوە، هەمیشە دڵی بە دایکی سووتاوە، ئەم رقە لەدایك و خۆشنەویستنی لەلایەك و دەستبەرداربوونی ناچارەکی خۆشەویستیشی لەلایەکی دیکەوە، کاری زۆری لە پێکهاتەی دەروونی (زانا) کردووە و بەدرێژایی قۆناغی مێردمنداڵی و سەرەتای قۆناغی هەرزەکاری نیگەران بووە، هەمیشە بە ئازارێك ناڵاندوویەتی! دەبێ چی بێت ژیانی ئەم کوڕەی وا شێواندبێت و وەها بەدەستییەوە ناڵاندبێتی؟ بالێبگەڕێین بەخۆی بەسەرهاتی ناخۆشی خۆی و ئەو هۆیانەی کە گرنگترین قۆناغی ژیانی لێ تاڵ کردبوو لە زاری خۆی ببیسین.

لەسەرەتادا (زانا) ئێمەی گەڕاندەوە بۆ قۆناغی منداڵێتی خۆی و بەمشێوەیە گوزارشتی لەخۆی کرد و گوتی: ئێمە لە ماڵەوە دوو براو خوشکێك بووین، هەتا پۆلی پێنجی سەرەتایش کێشەی نێوان دایکم و باوکم بە بیردانایە، منداڵێتیم شتێکی ئاسایی بوو، شتێکی وام بەبیردانایە کە نائاسایی بێت، تا ئەو رۆژەی کە مامی گەورەم هاتە ماڵمان، لەگەڵ باوکم کردیە مشتومڕ و دەمەقاڵێ،وەك ئێستام لەبیرە کە نیوەڕۆ بوو تازە لە قوتابخانە هاتبوومەوە، لەناو هەیوانی ماڵەکەمان بە باوکمی گوت: کوڕە ئاخر تۆ ئەو ژنەت بۆ وا بەرەڵڵا کردووە، بۆ لێیناپێچیتەوە، خەڵك قسەمان پێ دەڵێن و دەڵێن ژنی (حەمید)ی دۆستی هەیە و (حەمید)یش دەیزانێ و قسە ناکات، کوڕە ئەو قسەو قسەلۆکانە لەخۆوە نییە، چاودێری ژنت بکە و ئاگات لێی بێت و بزانە چی دەکات، باوکیشم سەری دەلەقاند و دەیگوت: ئێ، باشە وا دەکەم. مامم گوتی: (حەمید)

# ـــاتی دایکێک لە سەر زاری کوڕەکەیەوە

وا من دەڕۆم، خوا دەزانێ ئەو ژنەت بەرزەوت نەکـەی، بەخۆم چارەی دەکـەم، پاش ئەو قسـەیە لێیدا ڕۆیشت، باوکم لە هەیوانەکەی ماڵ بەبێ دەنگی دانیشت و سەرێکی بادا و لەبن زمانەوە گوتی: ئەو ژنە بۆ وا دەکات، بۆ هێندە ڕوو قایم و کەللە ڕەقە؟، تۆزێك پیشی خواردەوە و سـەیرێکی منی کرد و گوتی: (زانا) کـوا دایکت، لە کوێیە؟ گوتم: نازانم مـن تازە لە قوتابخانـە هاتوومەتەوە، زانی نانمان نەخواردووە، هەستا چووە مەتبەخەکە و دوو سێ هێلکەی لە ڕوونی کرد و بانگی کردین و گوتـی: وەرن نانتـان بخۆن، لەو دەمەدا دایکم هاتەوە، تەماشـایەکی باوکمی کرد، لە دوورەوە زانی شـتێك بووە، بۆیە بێ ئەوەی بهێڵێ باوکم قسەیەك بکات گوتی: لە دەسـت ئەو دائیرەیە مردوومە، هەتا ئێستاش جەنابی بەڕێوەبەرە فەندی ئیشـی زیادەی دوای دەوامی پێدەکردین، باوکیشـم گوتی: مادام ئیشی زیادەی پێدەکردن، جەناب پێتان بگوتایە فەراشـێك بنێرە بۆ ماڵەکانمان، با ماڵەوەمان ئاگادار بکاتەوە، نەوەکو قسـەی ئەم و ئەومان بێتەسـەر. دایکم یەکسەر زانی مامـم هاتووە، بۆیە گوتی: چییە دیسـان (عەلـی) هاتبوو؟ باوکیشـم گوتی: بەڵێ ئافرەت کاکم هاتبوو، نەمزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە، تۆ هەروا زەمان کورتم بکە، کەباوکم وای گوت، دایکم زانی مەسەلەکە جددییە، دەیزانی چۆنی سـاردی بکاتـەوە، بانگی دەکـردە ژوورەکەی تر و چارەکە سـەعاتێك دەمانەوە و کە دەهاتنـە دەرەوە، وەك ئەوەی هیچ ڕووینەدابێ، بارودۆخەکە ئارام دەبۆوە، نەمدەزانـی لەو ژوورە دایکم چی پێدەگوت، یان چیان دەکـرد و چۆن وەها باوکمی ئارام دەکردەوە، باوکم دایکمی زۆر خۆشدەویسـت، نەمدیت ڕۆژێك لێیدا، یان تەنانەت دەستیشی لـێ بڵند بکا، بـەڵام نیگەرانیش دیار بوو، ترسـێکی لەدڵدا هەبوو، ئارام نەبوو، حەزی دەکرد ژیانێکی خۆش و ئارام بباتە سـەر و وەکو هەر پیاوێکی دیکە دەیویست ژیانێکی خۆشـی هاوسـەرێتی هەبێت، بەڵام هەستم دەکرد قەت ئارام نییە، نەمدەزانی بۆ؟

**پەیوەندییە تایبەتییەکەی ژنەکەی (حەمید)**

(زانا) بـەردەوام دەبـێ و دەڵـێ: ئـەو نائارامییـەی باوکم، ماڵیشـمانی تۆزێك نائارام کردبوو، ئـەوان نەیاندەتوانی وەکو ژن و مێردێـك بەیەکەوە دانیشـن، چ بەتەنیا و چ لەگەڵ ئێمەدا، باوکم زۆر نازی دایکمی دەکێشـا، بەڵام پێدەچوو هاوسـەرێتی نێوان باوکم و دایکم هاوسەرێتییەکی ناچاری بوو. باپیرم واتە باوکی دایکم بەخواسـتی خۆی دایکمی دابوو بەباوکم. پاشـان بیستمەوە بە زۆری بەمێردی دابوو، بەڵام بۆچی بە زۆر بە مێردی دابوو مەسەلەکە لە بنەڕەتدا چی بوو تا ئێسـتاش نەمزانی. باری ناوماڵمان هەروا لەرزۆك بوو، یا با بڵێین شـلۆق بوو، نـاوە ناوە مامم دەهاتـە ماڵمان و دەیگوت: (حەمید) من چم بەتـۆ دەگوت: تۆ هەروا دابنیشـە و لە گوێی گادا بنوو، من تۆزێك هەراش بووم، خوشـك و براکەشم هەروا، کە هەردووکیـان لەمن بچووکتر بـوون، ئەوەندە منداڵ بوون لەو کێشـانە نەدەگەیشتن، بەڵام من وانەبووم. تازە چووبوومە ناوەندی و پۆلی دووی ناوەندیـم تەواو کردبـوو لە قۆناغی هەرزەکاریدا بووم. جارجارە شـەوان کێشە لە نێوان باوکم و دایکم دروست دەبوو، نەمدەزانی چییەو لەسـەرچییە! بـەڵام هەموو جارێ دایکم لـە ژووری خۆیان دەهاتـە دەرەوە و دەهاتە ژووری ئێمە و دەرگاکەی دادەخست و باوکمی لە ژووری خۆیان بە تەنیا جێدەهێشت! ڕۆژێك کە پشووی ڕەسمی بوو، نیوەڕۆ بوو، دایکـم خواردنێکی بۆ ئامـادە کردبووین و دەوری کاتژمێـر (١١)ی پێش نیوەڕۆ بوو، لەماڵ دەرچـوو، نیوەڕۆیە کە باوکم هاتەوە، من خواردنەکەم بۆ باوکم و بۆخۆشمان گەرم کردەوە. باوکم زانـی دایکم لەماڵ نییە، کە پرسـیاری کرد و وەڵامەکەیمـان پێگوت، نیگەران بوو، نانەکەی بەسـاردی خوارد و هەر زوو دەسـتی لێکێشایەوە و کەوتە داڵغە لێدان، ئەوەنـدەی پێنەچوو مامی گەورەم و مامەکەی ترم پێکـەوە بەدیار کەوتن و بێ سـەلام کردن بە ژوورکەوتن. مامی گەورەم، لە باوکم نزیك بۆوە و بە دەنگێکی نزم، چووە بـن گوێی و گوتی: ئەفەندی خانم لەگەڵ جەنابی بەڕێوەبـەر بینراوە، خۆ ئەمڕۆ دەوام نییە، ئەی چی ئەوی گەیاندۆتە لای ئەو، خۆمان بە چاوی خۆمان بینیمان لە کوێ و کەی ژوانیان هەبوو، دەمانەوێ جەنابیشـت بێـی و بتبەینە شـوێنەکە و بەخۆت دڵنیا بێت، ئەگەر لەوێـش نەمابن، لە مەوعیدی ئەمجارەدا دێینـە دوات تا بە چاوی خۆت ببینی، لە پـاش ئەو گفتوگۆیـەی نێوان ئـەو دوو مامەم و باوکم زانیم مەسـەلەکە چییە، ڕقم لە دایکم بۆوە، بەڵام نەشمدەزانی دەریببڕم، چونکە بەتەواوەتی لە کێشـەکان نەدەگەیشـتم، باوکم و مامەکانم دوای ئەو مشـتومڕە لە ماڵ دەرچوون و ئێمە لەماڵماینەوە. خوشـکەکەم گوتـی: کاکە ئەوە مامەکانم بۆ ڕقیـان لەدایەیە؟ چ وەڵامێکم پێنەبـوو، بێدەنـگ بووم، قەت هەسـتم بە ئاسوودەیی نەدەکرد، دوای ئەوەی لایەنێکی نهێنی کێشـەی دایکم و باوکم زانی، لەدڵی خۆمدا هەستم بە نارەحەتییەکی قوڵ دەکرد و زۆرم خەفەت پێوە دەخوارد.

**چۆنییەتی کۆتایی هێنان بە کێشەکە؟**

(زانا) لەسەر گێڕانەوەی باسەکە بەردەوام دەبـێ و دەڵـێ: ئێمە لە ماڵـدا ژیانێکی ناجێگیرمان هەبوو، دایکم وەکو ژنانی دیکە سەرپەرشـتی نەدەکردین، ئـەو خەمی ماڵ و منداڵی هـەر نەبوو، ئێسـتاش نازانم بۆ وابوو، ئێمە وەکو دەڵێین خۆرسـکانە گەورە بوویـن، باوکم زیاتر ئـاگای لێمان بوو، من بەم تەمەنەوە هەسـتم دەکرد دایکم حسـابی مێـردی بۆ باوکـم نەدەکـرد، نازانم باوکم بۆ وا هێمـن و بێدەنگ بوو، یـا لاواز بوو لەبەرامبەریدا! مشـتومڕی نێوان مامەکانم و دایکـم بۆ ئێمە بەدیار کـەوت، ئێوارەیەك مامەکانم لەگەڵ باوکم لەماڵ دانیشـتبوون و چاوەڕێی هاتنەوەی دایکمیان دەکرد، لەپڕ ئەویش بەدەرکەوت، ئەوان لێی ڕاست بوونەوە و هەر زوو لێیان پرسی لە کوێ بووی؟ گوتی لە بازاڕ، ئەوانیش گوتیـان نەخێر، لەگەڵ فلانەکەسدا سواربووی و لە فلانە شوێنیش بووی و بەدواتەوە بووین، ئیدی بووە مشتومڕ و مامەکانم پەلاماریان دا و هەندێکیان لێدا، ئەویش ڕووبەڕوویان بۆوە و بە هەرحاڵ لەماڵ دەریانکرد، بەڵام باوکم پاش ئەوەی مامەکانم ڕۆیشـتن دوای دوو کاتژمێر، لەگەڵ خۆی هێنایەوە، هەرچەنـد نەمانزانی لەم ماوەیەدا بۆ کوێ چوو بووە؟!

پەیوەنـدی مامەکانم و دایکم ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبوو، شـەودرەنگانێك، لەگەڵ چرپە چرپ و خشەخشـی پـێ و هێنان و بردنی شـتومەك لەخەودا بووم، بە ئاگاهاتم و هەر لەناو جێـگادا بووم و چاوم کـردەوە، بینیم دایکم درێژکراوە و وەکو کەلێشێکی لێهاتووە،

**زانا: مرۆڤ بوونەوەرێکە هەستی ناسکە**

**(باوکم دایکمی زۆر خۆشدەویست، نەمدیت ڕۆژێک لێیدا، یان تەنانەت دەستیشی لێ بڵند بکا، بەڵام نیگەرانیش دیار بوو، ترسێکی لەدڵدا هەبوو، ئارام نەبوو**

خستیانە ناو بەتانییەك و بە گوریسێك لوولیان دا، مامەكانم خەریكی ئەو شتانە بوون، خاكەناس و پێمەڕەشیان لەسەر زەوییەكە دانابوو، خستیانە ناو گونیەیەكەوە، باوكم لەسوچێكی ژوورەكە دانیشتبوو، پاڵی بە دیوارەكەوە نابوو، فرمێسكی لە چاواندا دەهاتە خوارەوە. ژوورەكە زۆر رووناك نەبوو، بۆیە دەموچاوی باوكم بەباشی دیار نەبوو، بەڵام لەخۆوە هەستم كرد تاوانێك روویداوە، بەڵام نەمدەوێرا خۆم ئاشكرا بكەم، نە توانای ئەوەشم هەبوو هەستم بزانم مەسەلەكە چییە، لەخۆوە سامێك گرتبوومی! نازانم چۆن بوو، لە بن جێگاكەم هاتمە دەرەوە، باوكم چاوی بە من كەوت، وەكو بزانێ كە ئەوەی ئاگام لە هەموو شتێكە، لەلای خۆی دانام و دەستی لە ملم كرد و هۆن هۆن دەگریا، كە مامەكانم هاتنەوە ژوورەوە و چاویان بە من كەوت و لە پەنای باوكم دانیشتوومە، وایانزانی هەموو شتێكم زانیوە، هاتنە لام دەستیان لە ملم كرد و مامی گەورەم گوتی: (زانا) كوڕم دەبێ زۆرت ئاگا لە خوشك و براكەت بێ، بەتایبەتی (نازێ)ی خوشكت كە یەك دوو ساڵی تر هەراش دەبێ و جاحێڵ دەبێ، ئێمە لە خەمی ئێوە بووین، ئەگەر بە فریاتان نەكەوتبانە ئەو دایكەتان ئێوەشی سەرگەردان دەكرد، جارێ وەختی گێڕانەوەی هیچ نییە با باوكتان لە مەسەلەكەتان بگەیەنێ، لەگەڵ ئێمەش وەرە، سواری ئۆتۆمبیل بووین و تەرمی دایكیشم لەناو بەتانییەك لوول درابوو، بە دووان مامم و باوكم خستیانە ناو سندوقی ئۆتۆمبیلەكە و مامی بچوكم لێیخوڕی، شەو درەنگ بوو، باران لەنیوەڕۆیەوە دەباری، جار جار نم نم و جارجاریش بە خوڕ دەبوو، كە گەیشتینە گۆڕستانێكی دەرەوەی شار باران كڕی كردبۆوە، چووینە ئەوپەڕی گۆڕستان و دیار بوو پێشتر قەبرێكیان لێدابوو، تەرمەكەیان هێنایە خوارێ و گوریسەكەیان كردەوە و بە بەتانییەوە شۆڕیان كردەوە ناوقەبرەكە و ئەوجا بە خاكەناس خۆڵیان پێدا كرد، تا قەبرەكە پڕ بۆوە،

جارجارە سەیرێكی باوكمم دەكرد و بەردەوام فرمێسكی لە چاواندا دەهاتە خوارەوە. چووە لای ئۆتۆمبیلەكە و قورئانێكی بچووكی هێناو كردیەوە، لەسەر گۆڕەكە راوەستا و دەمێك لە بن لێوانەوە دەستی بە خوێندنەوەی قورئانەكە كرد، تا نزیكەی دە دەقیقەیەك ئەوجا مامی گەورەم گوتی: حەمید درەنگە و زوو تەواو بە، با تووشی كێشەیەك نەبین، مامم هاتە لای من و گوتی: كوڕم (زانا) ئەو باسە لەلای كەس نەدركێنی، ئێمە تازییەی بۆ دانانێین و خۆشمان وا نیشان دەدەین كە ئاگامان لە هیچ نییە و نابێ خوشك و براكەشت بەهیچ شتێك بزانن و بەهیچ شێوەیەك هیچیان پێنالێیت دەنا خۆشت و باوكت و ئێمەش تووشی كێشە دەبین، تەنیا ئەوەندە دەڵێین دایكتان رۆیشتووە و كەس نازانێ بۆ كوێ چووە، ماوەیەكی دیكە ئێمە بۆخۆمان ژن بۆ باوكت دێنینەوە و ئەو ژنەش دەبێ لە دایكتان زۆر باشتر و بە رەحمتر و بەوەفاتر بێت، ئەگەر هەر كەموكوڕییەكی بەرامبەرتان هەبوو ئێمە لێی بەرپرسیارین،

ئەو شەوە كە گەڕاینەوە مامەكانم لەگەڵ ئێمە هاتنەوە، ئەوان نووستن، بەڵام من قەت خەوم لێنەدەكەوت، هەم لەترسان هەمیش لە حەپەسان، باوكم كە نووست، ماوە ماوە لە خەو رادەچنی و یان هەر لەناو خەودا دەگریا و ئەوجا بە ئاگا دەهاتەوە، سەیرێكی دەوروبەری دەكرد و پاشان تەماشایەكی منی دەكرد، منیش خۆم دەخەواند، كە دەیدی نوستوومە، دەهاتە لام و بەتانییەكەی بە جوانی پێدادەدام و ماچی دەكردم و دەستی بەسەرم دادەهێنا، ئینجا هەر بەوحاڵەوە دوای چەند خولەكێك دەنووستەوە، منیش چاوم دەكردەوە و فرمێسك وەك رووبار بەچاومدا دەهاتە خوارەوە، دایكم بەبێ دەنگی نێژرا، زۆر سكم بە دایكم دەسووتا، دەمزانی كوشتیان، یان خنكاندیان، بەڵام بە چاوی خۆم نەمدیبوو، نەمدەزانی چۆن مرد، یا كامیان و چۆن كوشتیان، دەمزانی دایكم دەستی لەگەڵ پیاوێكی دیكە تێكەڵە، یان با بڵێین پیاوێكی دیكەی خۆش دەوێ. باوكم باری دەروونی خراپ و خراپتر دەبوو. مامم ئێمەی بردە لای خۆی، هەر بۆ بەیانی ماڵمان باركرد و چووینە ماڵی مامم، مامۆژنم زۆر نازی دەكێشاین، خانووەكەیان زۆر گەورە و پڕ ژوور بوو، زۆر بە باشی ئاگادارمان بوو، هەموو جارێ بە منداڵەكانی خۆی دەگوت: نەكەن وا بكەن هەست بە فەرق و جودایی یا غەریبی بكەن، ئێوە خۆتان لە ئاست ئەوان بە خاوەن ماڵ نەزانن، دوو سێ رۆژ بوو باوكم باری دەروونی بەتەواوی تێكچووبوو. مامم بەزووترین كات بردیە لای پزیشكێكی دەروونی و تۆزێك بە دەواو و دەرمان وەزعی باش بوو، ئینجا دوای مانگێك ژنێكی تریان بۆ هێنا، بە هێنانی ژنی دووەمی وەزعی خراپتر بوو، جارجارە باش دەبوو، جارجارەش خراپ، چەند جارێك لە نەخۆشخانە خەوێندرا چاك دەبۆوە، بەڵام پاش ماوەیەكی دیكە باری تەندروستی خراپ دەبۆوە، نزیكەی ساڵێك وەها مایەوە، زڕ دایكەكەم زۆر لەگەڵمان باش بوو، هەرچەندە ئێمە منداڵیش نەبووین بەڵام زۆر باش چاودێری دەكردین و دەتوانم بڵێم خزمەتی دەكردین. خوشك و براكەم زۆر بە پەرۆشی باوكم بوون، بەڵام سەریان لەوە سوڕما بوو، ئاخر باوكم چ عەیبی نەبوو، بۆ وەها تێكچوو، دایكم بۆ شوێن بزر بوو، چۆن رۆیشت و ئاوا نەگەڕایەوە، بۆ كوێ چوو بۆ رۆیشت؟ ئەوە ئەو پرسیارانە بوو هەموو جارێ خوشكم و براكەم دەیانكرد، منیش خۆم دەخواردەوە وەڵامم نەدەدایەوە،

باری تەندروستی باوكم گەیشتە رادەیەك، جاری وا هەبوو بە مانگ لە نەخۆشخانە دەمایەوە، بە كورتییەكەی باوكم هەندێك جار وەك شێتانی لێدەهات، بگرە هەر بەتەواوەتی شێت دەبوو، ئاخیرییەكەی هەر دوو مامەكەم بردیانە وڵاتی (ئەردەن) و وەكو مامم دەیگێڕایەوە و گوتی: بردمانە لای پزیشكێكی دەروونی بە ناوبانگ و یەكسەر پرسیاری ئەوەی لێكردین و گوتی: ئەگەر دەتانەوێ لەوەی خراپتری لێنەیە و بەتەواوەتی شێت و هار نەبێت، دەبێ بەسەرهاتە راستەقینەكەیم بۆ باس بكەن، كە باسی مردنی ژنەكەیمان كرد، گوتی نەخێر ئەوە ژنی نەمردووە، بەڵكو كوژراوە بۆ ئەویش حەزی نەكردووە، بەم چارەنووسە بگات، منیش ورد و درشتی مەسەلەكەم بۆ باسكرد و گوتم: دكتۆر ئەو برایەمان ژنەكەی خۆی خۆشدەویست، بەڵام ژنەكەی ئەمی خۆشنەدەویست و پەیوەندی لەگەڵ كابرایەكی دیكە هەبوو، كە پێشتر خۆشیدەویست، ئێمە بەمەمان زانی، بۆیە پێمان قبوڵ نەدەكرا و لەناو خەڵكدا حەیامان دەچوو، ناچار شەوێك لەبەردەمی خۆی و لە ماڵەكەی خۆی خنكاندمان و هەر بەخۆشمان بەوشەوە بردمانە قەبرستان و ناشتمان! كە دكتۆرەكە ئەوەی بیست گوتی: تازە ئەوە چاك نابێتەوە، بەڵام هەر ئەوەندەم پێدەكرێ نەهێڵم لەوە خراپتری لێبێت. ئیتر منیش ئەوسا زانیم كە ئەوشەوە چی روویداوە، ئەم رووداوە ئەوها مایەوە و پاش چەند ساڵێك لەمردنی دایكم، باوكیشم مرد. نە ئەوسا و نە ئێستاش نازانم مامەكانم راست بوون یان نا؟ بەڵام ئێستاش دڵم هەر بە دایكم دەسووتێ.

**دایكم بەبێ دەنگی نێژرا، زۆر سكم بە دایكم دەسووتا، دەمزانی كوشتیان، یان خنكاندیان، بەڵام بە چاوی خۆم نەمدیبوو، نەمدەزانی چۆن مرد**



# ڕووداوی کوشتنی پیاوێک

(مام خالید) لە ڕاڕەوی هۆڵە سەرەکییەکەی دادگا ڕاوەستابوو، بەدەم یاریکردن بە تەسبیحە دەنگ قەزوانییەکەی دەستی، چاوەڕێی نۆرەی کێشەکەیان بوو کە بانگ بکرێنە ژووری دادگا (مام خالید) لەبەر کێشەی کوژرانی (بێستون)ی کوڕی لە دادگا ئامادە ببوو، کەسوکاری بکوژیش دوورتر لە کەسوکاری (مام خالید) ڕاوەستابوون(مام خالید)دەموچاوی گرژ و تووند بوو، هێندە دڵی توند بوو پتت لێدابایە، وەکی دەڵێن، دەتەقی، زۆری چاوەڕێ کردبوو، خوا خوای بوو، شتێك هەبێ خۆی پێوە خەریك بکات، یان کەسێك هەبێ، جگە لە خێزان و کەسی خۆی دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێت، ئەفسەرێکی کێشەکە کە هاوڕێم بوو، کێشەکەیماڵی (مام خالید) ی بۆ باسکردم و هەندێ زانیاری و ڕوونکردنەوەی لەسەر ڕووداوەکەیان دامێ، گوتی بەڵام بەخۆت بچی لەگەڵ (مام خالید) قسە بکەی باشترە و ئەو تەواوی ڕووداوەکەت بۆ باسی دەکات و بە دڵی خۆت لەسیری هەتا پیازی بۆت دەگێڕێتەوە. بەیەکەوە چووینە لای (مام خالید) و ئەویش بە گەرمی چاك و چۆنی لەگەڵ کردین و زۆریشی پێخۆش بوو کە ڕووداوەکەمان بۆ بگێڕێتەوە، ئێمە کۆمەڵێك پرسیارمان لێکرد و داوامان لێکرد هەر لەسەرەتاوە کێشەکە و ڕووداوی

ئا: باوکی میدیا

کوڕانـــی کوڕەکەیمان بـــۆ بگێڕێتەوە، (مام خالید) یش بەمشێوەیە دەستی بە قسـەکرد و گوتی : (بێستون)ی کوڕم، پێنج شەش ساڵ بوو ژنی هێنابوو، تازە بە تازە خانوویەکی سەد مەتری کڕیبوو، هەمـــووی دوو مانــگ و نیوێك دەبوو چووبـــووە خانووە تازەکەی، دوو منداڵی چوار پێنج ســاڵەی هەبـــوو، خۆی و ژنەکەشــی فەرمانبەر بوون، تا ئەو دوو مانگ و نیوە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ هیچ یەکێك لە دراوسـێیەکانیدا نەبوو، دراوسێیەکەی تەنیشـتیان کە دیواریان بە دیواری یەکدا بوو، خانووەکەی خۆی فرۆشت، هەفتەیەکی پێچوو تا دراوسێی تــازە هاتنە ناوی، دراوســێ تازەکەیان قەرەباڵغ بوون، سێ چوار برا، کە یەکێك بەخۆ و بە ژن و منداڵییەوە بوو، لەگەڵ دوو سێ خوشــك و دایك باوکیشیان، پاش سێ ڕۆژ لە دراوسێیەتیان (بێستون) و خێزانەکـــەی وەك دابوونەریتێکـــی جوانـــی کوردەواری دەچنـــە ماڵیان بۆ بەخێرهێنانیـــان، مـــاوەی نیوکاتژمێـــر دەمێننەوە و (بێســتون) بە تیلەی چاو ئـــاگاداری خێزانەکەی کە ناوی (لەیلا) بوو دەکاتەوە کە هەستن بڕۆن، یەکێ لە کوڕەکانی دراوسێییەکەیان لە ژێرەوە هەر خەریکی سەیرکردنی (لەیلا) دەبێت، کە دەڕۆنەوە(لەیلا) بە (بێستون) دەڵێ:

ئەو دراوســێیە زۆر نیگەرانم دەکات، هـــەراو هۆریای نێو ماڵیان و قەرەباڵغی و بێســـەر و بەرەیـــان نوقڵانەی خراپ، لێدەدەن، چ بە پەسندی نازانم لێیان نزیك بینەوە، یان بهێڵیـــن لێمان نزیك ببنەوە، (لەیلا).ئەوەشـــی گـوت: کە یەکێ لە کوڕەکانی لـــە ژێرەوە چاوی تێدەبڕی و زۆری پێوە نیگەران بوو، پاش دوو سێ ڕۆژان ئێوارەیەك ئەو کوڕەیان کە لە ژێرەوە چاوی تێدەبڕی هاتە ماڵیان. (بێستون) کە پێشـــتر دەیزانی جێگەی نارەحەتییە و ئەوجا هاتۆتە ماڵیشیان(بێستون) بە ئاماژەی چاو لە(لەیلا)ی گەیاند کە بچێتـــە ژوورەکەی دیکـــە و نەیەتە ئەم ژوورەیان کە لێی دانیشتوونە(بێســتون) قسەیەکی وا لەگەڵ کوڕە ناکات و تەنیا وەڵامی دەداتەوە، نیو کاتژمێر دادەنیشێ و تێدەگات ناچـــار دەبێ خوا حافیزی بکات، بـــەڵام ئەو دراوسـێیەیان لەبەر ئەوەی قەرەباڵغ و زۆر دەبن، هەموو دەم دەنگە دەنـــگ و تەق و هۆڕ و تەپەیان دێت، ڕۆژێك(بێستون) دێتە لام و دەڵێ: بابە لەوەتەی ئەو ماڵە تازەیە هاتوونەتە خانووەکەی تەنیشـتمان ئارامان لەبەر براوە، دەمەوێ هەرچی زووە لەو خانووە بار بکەم و بڕۆم. منیش گوتم: باشـە کوڕم دە مادام وایە سەبرێك بگرە هەتا خانووەکە دەفرۆشـین و لە شـوێنێکی دیکە خانوویەکی باش دەدۆزینەوە ، هەتا ئەو وەختەش هیچ کێشەیەکیان لەگەڵدا دروسـت مەکە و خۆتیان لێ بپارێزە و هەسـتیار مەبە، با تووشـی کێشەیەك نەبن، من کـە وەهام گوت(بێسـتون) لەگەڵم هاوڕا بوو، بەڵام دوو سێ ڕۆژی پاشی لەسـەر پاککردنەوەی جۆگەلەی بەردەم مـاڵ دایکی منداڵـەکان بۆڵە بۆڵیـان کرد بـوو، قسـەش بۆ (لەیلا) گەڕابـووەوە، بەڵام (لەیـلا) چ دەنگی نەکردبوو، ئەوان دوو ئۆتۆمبێلیان هەبوو (بێسـتون)یش ئۆتۆمبێلێکی بچووکی هەبوو، نیوە ڕۆیان کە لە دەوام دەهاتەوە یـان پێـش دەرگەیانیان گرتبـوو یان کە(بێسـتون) ئۆتۆمبێلەکەی ڕادەگرت بە قرچەی نیوەڕۆ لــە دەرگایان دەدا، چییە وەڵڵا وەرن ئۆتۆمبێلتان ببنە دواوە ئێمە ئۆتۆمبێلمان دێهێنینە ژوورەوە، کە دەشـیان بردە ژوورەوە، ئۆتۆمبێلەکەی تریـان وەهـا ڕادەگـرت (بێسـتون) نەیدەزانی چۆن چۆنی ئۆتۆمبێلەکەی لەبـەر دەرگای خـۆی ڕابگرێت، ئەوە کێشـەی ئۆتۆمبێل، ئەمجارە لەسەربان دوو سـەگیان ڕاگرتبوو، شـەو و ڕۆژ حەپەیـان دەهـات و بەخۆشـیان کوڕە جاحێڵـەکان باز بازێن و تەپەتەپیان بوو، لەلایـەك کۆتریان بەخێو دەکرد، لەلایەك سەگیان ڕادەگرت، تا دەرنگانی شەوێ لەبـەر دەرگا، لەگەڵ برادەری دیکەیان دادەنیشـتن، کوڕەکـەم زۆر نارەحەت بووبوو، بەڵام لەبەر جیرانەتیش دانیبەخۆیدا گرتبوو قسـەی نەدەکرد، چەند جارێك دایکیـان لەبەر دەرگا دەکاتە بۆڵە بۆڵ، کچەکانیشـی هەروا، ڕۆژێك کوڕە چاو لە دەرکەیان، کـە( لەیلا) بە تەنیا لە ماڵ دەبێ و لە حەوشە، لەبەر هەیوانی پێش مەتبەخەکەیان خەریکی شوشتنی پەنجـەرەی مەتبەخەکە و ئاودەسـتی دەرەکی دەبێ، لە حەوشـەی پشتەوە ڕا سـەیری(لەیلا) دەکات نە دەمێك و نە دوان، ئاخیرییەکەی(لەیـلا) بەرێکەوت چاوی پێدەکەوێ، دەنـگ هەڵدەبڕێ و هەندێ قسـەی توندی بۆ دەنێرێ، (لەیلا) ش بە (بێسـتون) دەڵێ ئەویش پێ دەڵێ ئەگـەر ئەمجارە وایکرد بڕۆ بە دایکی بڵـێ، ڕۆژێکی دیکە کوڕە هەمان بەزم دەکاتـەوە، (لەیلا) دەزانێ و دەچێتە گڕیـان، دایکیان لە جیاتی ئـەوەی کوڕەکـەی تەمبـێ بکات و ئەو کارە ناشـیرینانە دووبارە نەکاتەوە، کەچی(لەیـلا) قەرزاریـش دەکاتەوە و تێریشی جنێو پێدەدات، لەم شەڕە جنێوەدا کچەکانیشـی دێنە دەرێ و دەسـت لە قـژی (لەیلا) دەنێـن و هەر تیتکێکی بەلایەکدا بەبا دەکەن، دەر و دراوسێیەکان لێیان کـۆ دەبنەوە و لێکیـان دەکەنەوە ئێـوارێ کە (بێسـتون) دێتەوە (لەیلا) دەنگ نـاکات، دوای دوو ڕۆژ ئەوجار یەکێ لە جیرانەکان بـۆی دەگێڕێتەوە ئەویش پێی سـەیر دەبـێ، بەهەرحاڵ (لەیـلا) لێـی دەپاڕێتەوە کـە مادام خانووەکەیان دەفرۆشـن و دەڕۆن، هیچ پێویست بەخۆ سەغڵەت کردن ناکات، وا باشترە داویان لە داوی ئەوان نەئاڵێنن و هەتا خانووەکە دەفرۆشرێت دان بەخۆیاندا بگرن، بەیانییەکیان کوڕە لاسارەکەیان لە گژ ئۆتۆمبێلەکەی (بێستون) دەبێ و شوختی لێدەدات(بێستون) یش لەو دەمەی کە دەیـەوێ بچێتە دەوام، دێتە دەرەوە و دەبینێ شـێت و هار دەبێ و پێی دەڵێ: بۆچی شوخت لە ئۆتۆمبێلەکەم دەدەی، ئەویش نکۆڵی دەکات، پاشان لێیان دەبێتە شەڕ، (بێستون) چاکی لێدەدات، دەبێتە دەنگە دەنگ و هەرا، برایەکانی دیکەی و خوشکەکانی و دایکی دێنە دەرەوە، بە هەموویان پەلاماری (بێسـتون) دەدەن، کە(لەیـلا)ش دێتـە دەرەوە، پەلاماری ئەویـش دەدەن و هەموو قژی دەردێنن، شەڕ گەورە دەبێ(بێسـتون) ڕادەکاتەوە ماڵ و چەقۆیەکی گەورەی گۆشـتی دەسـت دەداتێ و تـاو دەداتـە کوڕە لاسـارەکە و دوو سێ چەقۆی بەهێزی

**(بێستون)ی کوڕم، پێنج شەش ساڵ بوو ژنی هێنابوو، تازە بە تازە خانوویەکی سەد مەتری کڕیبوو، هەمووی دوو مانگ و نیوێک دەبوو چووبووە خانووە تازەکەی، دوو منداڵی چوار پێنج ساڵی هەبوو**

لێدەدات و بەری دەداتەوە سەر زەوی، برایەکەی دیکەی بۆ دێت چەقۆیەك لەویش دەدات، بەڵام لە پشتەوەڕا برایەکی دیکەیان و خوشکەکانیشیان تاوی دەدەنێ و چەقۆیەکەی لێدەستێنن و چەقۆیەکی بەهێز لە تەنگەی رادەکەن و بەردەبێتەوە، ئەوجا هێرش دەکەنەوە سەر(لەیلا) و لە بنەخۆیانی دەنێن، هەموو پرچی دەردێنن بەڵام داروسێکانی تریان بە فریای دەکەون و لەبن دەستیان دەریدێنن، خەڵك تەلەفۆن بۆ پۆلیسی فریاکەوتن دەکەن و ئەوانیش دوای کەمێك دەگەنە جێ.

هەمووان دەستەجێ لە ناو ئۆتۆمبیلی پۆلیس دەپەستن و دەیانبەنە بنکەی پۆلیس و بریندارەکانیش دەگوازنەوە بۆ نەخۆشخانە، بریندارەکەیان و (بێستون) دەبەنە هۆڵی نەشتەرگەری، کوڕەکەی دیکەیان برینەکەی سووك دەبێ، ئەوەی لە پشتەوەڕا چەقۆکەی لێوەردەگرێ و چەقۆیەك لە تەنگەی رادەکات دەستگیر دەکرێت.

## حوکمی ١٠ ساڵ

(مام خالید) هەتا ئێرە یەکبینە رووداوەکەی دەگێڕایەوە خەریکبوو بڵێ ئێستاش چاوەڕوێی حوکمی لە سێدەردانی ئەو پیاوکوژە دەکەم، پۆلیسی دادگا پڕ بە دەنگی هاواری کرد فلان و فلان بێنە ژوورێ، دادگایکردنی ئەو کوڕەی کە چەقۆکەی لە(بێستون) دابوو، دەستی پێکرد(مام خالید) گوتی: بابچنە ژوورێ و بزانین دادگا چ حوکمێك دەردەکات، کە هاتینە دەرەوە ئەوسا رووداوەکەت بۆ تەواو دەکەم، دادگاییکردن پتر لە دوو کاتژمێری خایاند، ئینجا دادگا گەیشتە ئەو قۆناغەی کە داوا لە هەمووان بکات بچنە دەرەوەی هۆڵی دادگا تاوەکو دادگا لە گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی کێشەکە دەبێتە و دەگاتە بڕیاری کۆتایی خۆی، هەموو هاتینە دەرەوە، پۆلیس کەسوکاری هەردوولای بردە دوو شوێنی جیاواز، لە (مام خالید) نزیکبووینەوە و داوای تەواوکردنی گێڕانەوەی رووداوەکەمان لێکرد، ئەویش دەستی بە قسان کردەوە و گوتی: کە هەواڵیان دایە ئێمە هەموو لە نەخۆشخانە بوون، کوڕەکەی ئەوان لە نەشتەرگەری رزگاری بوو، چەقۆیەکان جێگەی ترسناکیان نەگرتبوو، بەڵام چەقۆیەکەی (بێستون) نێزیکەی دە سانتیمەتر چوو بووە ژوورەوە و گورچیلە و بۆڕی خوێنی سەرەکی هەڵزڕاندبوو، درەنگیش گەیەندرابووە نەخۆشخانە، پزیشکەکان هاتنە دەرەوە گوتیان(بێستون) لەبەر سەختی برینەکەی و خوێن لەبەر رۆیشتنی درەنگ گەیشۆتە نەخۆشخانە و پێڕا نەگەیشتن ومرد، پاش دوو سێ رۆژان پۆلیس دایکیان و باوکیان و کچەکانیانیشان ئازادکردن، پاش دوو مانگ کوڕە بریندارەکەیان، بە تەواوەتی چاکبۆوە و دۆسییەی کێشەکەش گەیشتە دادگای تاوانەکان و ئێستاش وا بەخۆت دەیبینی هەموومان لێرەین و چاوەڕێشین بزانین دادگا چ حوکمێك بەسەر تاوانکاردا دەدات، پۆلیسی دادگا دووبارە بانگیانی کردەوە، هەموو لەبەردەم دادگا راوەستانەوە و سەرۆکی دادگاش حوکمەکەی خوێندەوە و بڕیاری(١٠) ساڵ زیندانی کردنی بکوژی دا و کێشە بەم بڕیارە لە دادگادا بڕایەوە.



**دادگاییکردن پتر لە دوو کاتژمێری خایاند، ئینجا دادگا گەیشتە ئەو قۆناغەی کە داوا لە هەمووان بکات بچنە دەرەوەی هۆڵی دادگا تاوەکو دادگا لە گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی کێشەکە دەبێتە**

***(سەوسەن ئەلزوبەیدی) دەمێکە سەرقاڵی ڕۆژنامەگەری و نووسینە، لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی عێراق کاریکردووە، ئێستا بۆ هەندێ لە چاپکراوە عەرەبییەکانی کەنداو و میسر دەنووسێت، خانمی(زوبەیدی) ناوە ناوە شیعریش دەنووسێ، لە هونەری شێوەکاریشدا حزوورێکی دیاری هەیە، هەندێ لە تابلۆکانی بەشداری پێشبڕکێیە نێودەوڵەتییەکانی کردووە و خەڵاتیشی بەدەست هێناوە.***

***(زوبێدی) لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنیشدا چالاکە، پشکداری چەندین خولی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی کردووە، لە نووسینەکانیدا جەخت لەسەر یەکسانی ژێندەری و خراپەکانی توندوتیژی خێزانی دەکات، هەروەها ئامادەکاری چەند بەرنامەیەکە لە بارەی منداڵ و خێزان لە(تی ڤی)ی حەیفا (ئەلشەرقیە) (زوبەیدی) ئێستا بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراقە، هەروەها ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندانی عێراقیشە، هەفتەنامەی (گوڵان) لە دەرفەتێکدا ئەو گفتوگۆیەی دەربارەی توتدوتژی ژێدەری لەگەڵ سازدا.***

## ڕۆژنامەنووسی عێراقی (سەوسەن ئەلزوبەیدی) بۆ گـــوڵان:

# قوربانی سەرەتا و کۆتایی توندوتیژی خێزانی منداڵە

**• ئاشکرایە توندوتیژی دیاردەیەکی جیهانی بەربڵاو و زیاتر لە جۆر و شێوازێکی هەیە، بێگومان مەبەستمان لە توندوتیژی خێزانی و ئەو جۆرەیەکە دەرهەق بە ئافرەتان پەیڕەو دەکرێ، بەڕای ئێوە بۆچی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان یان کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بڵاوترە؟**

- ئەمڕۆ توندوتیژی بە هەموو شێوازەکانییەوە ترسناکترین کردارە کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەبێتەوە و بە گەڤێکی جیدیش لەسەر بەها کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان هەژمار دەکرێت.

توندوتیژی خۆی لە فۆرمدا ئیماژێکە بۆ پاشەکشەکردنی بەها مرۆڤایەتییەکان و فراوانتر بوونی بۆشایی وسستبوونی پەیوەندی نێوان تاکەکان.

کاتێك باس لەو دیاردەیە دەکەین پێویستە تەنیا ڕووە ئاشکرا و بەرچاوەکەی توندوتیژی نەبینین چونکە وەك گوتمان شێوازگەلێکی زۆری هەیە، هەتککردن و تەحەرووشی سێکسی بەشێکن لەو شێوە توندوتیژییە ژێندەرییەی کە ڕۆژانە دەرهەق بە ژنان ئەنجام دەدرێن و بە بێدەنگیش تێپەڕ دەبن.

بەربڵاوی توندتیژی لە هەناوی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، پەیوەستە بەو ژێرخانە کولتوورییە سەقەتەی کە سەدان ساڵە لە هزری تاکی نێرینەدا خۆی چەقاندووە،



لەلایەکی دیکەش باڵادەستی هزری پاتریاکی بە مانای شرۆڤەکردنی هەڵەی ئەحکامە ئاینییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە گەشەکردنی ئەو دیاردەیە لە منداڵانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان جیا لە هەموو کۆمەڵگەیەکی دیکە.

**• شێوازێکی دیکەی توندتیژی، توندوتیژی خێزانییە، لە ڕووی کردار و ئاسەوارەوە چ تێبنییەکتان هەیە؟**

- ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندوتیژی خێزانی روو لە زیاد بوونە، پیاوان لە بچووکترین دەماقاڵی و ڕووبەڕووبوونەوەدا پەنا بۆ لێدان و ئەشکەنجەدانی ژنان دەبەن، ژنان لە ماڵ و لە شەقام و شوێنە گشتییەکان و لە فەرمانگەکانیش ئازار دەدرێن، هەندێ لە پیاوان لە کاتی سەرجێی و مومارەسەی سێکسیشدا توندوتیژی دژ بە ژنان پەیڕەو دەکەن، ئەمڕۆ کۆمەڵگەی عێراقی لە هەموو ڕۆژێك زیاتر بەدەست توندوتیژییەوە دەناڵێنێ، تەقینەوە و تیرۆر گەورەترین زیانیان بە ژنان گەیاندووە، زۆرێك لە گرووپە چەکدارە توندڕۆکان ژنانیان کردۆتە ئامانج، کەم نین ڕێژەی ئەو ژنانەی کە ڕووبەڕووی تیرۆر و هەتکردن و ڕفاندن و زیندانی و ئەشکەنجەدان بوونەتەوە، حەوت ساڵی ڕابردوو ناخۆشترین و توندوتیژترین سەردەم بوو لە مێژووی هاوچەرخی ژنانی عێراقدا، ئێستا سەرباری کەمبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژی

توندوتیژی ئیماژێکە بۆ پاشەکشەکردنی بەها مرۆڤایەتییەکانی کۆمەڵ




به گشتی له عێراق، بەڵام تا هەنووکە بەهۆی کاریگەرییەکانی سالانی دوای پرۆسەی ئازادی، توندوتیژی خێزانی و لە شوێنی کارکردن و لەسەر شەقام هەر بەرچاوە، لە نێوەندی خێزاندا ژنان لەلایەن باوك یان مێرد و براکانیانەوە ئازار دەدرێن، لە شوێنی کارکردنیش لەلایەن خاوەن کار و بەڕێوەبەرەکانیان، کە هەندێ جار شێوەی دەستدرێژی سێکسی و مەعنەوی وەك پەراوێزکردن و دەرکردن و لە کار دەگرێتەوە.

*** گفتوگۆ و رای جیاواز هەیە دەربارەی کاریگەری یاسا و هەموارکردنی یاسا کۆنەکان لەگەڵ هۆشیاری، بەروویەکی دیکە ئایا هەنگاوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کاریگەرن یان هەموارکردنی یاساکان.**

- یاسا و بەندە دەستوورییەکان لە عێراق توندرنین لە سزادانی کەسانی توندوتیژ، ئەمە روویەکی مەسەلەکەیە، روویەکی دیکە وابەستەی کلتووری کۆمەڵایەتی و هۆشیارییە، ژنان لە کاتی توندوتیژییدا ناتوانن یان خۆیان ئەو هۆشیارییەیان نییە پەنا بۆ دادگا ببەن، هەندێ لە کچان و ژنان ئاسەوارەکانی توندوتیژی باوك یان براکانیان بەسەر جەستەوە دیارە بەڵام لە نێو خەڵکدا هەوڵی شاردنەوەی دەدەن یان باوك و براکانیان تۆمەتبار ناکەن، بۆیە لای من سوودمەنترە سەرەتا بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان و کۆمەڵگە هەوڵ بدەین، واتە ژنان هان بدەین لە حاڵەتی وادا پەنا بۆ دادگا ببەن و جورئەتی داکۆکیکردنیان لە مافەکانیان هەبێ، هەروەها پیاوان و کۆمەڵگەش لە ئاسەوارە خراپەکانی هۆشیار بکرێنەوە و هەوڵ بدەین پیاوان دەستبەردرای ببن و بە گفتوگۆ و موناقەشە کێشە خێزانییەکانیان چارەسەر بکەن، ئینجا دوای هەموو ئەوانە رۆڵی یاسا و هەموارکردن دێت، هەموارکردنێك لە توانای دابێ بە توندی سزای سەرپێچیکاران بدات.

*** هەموو دیاردەیەکی ترسناك لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ ئاسەواری نێگەتیڤی هەیە، ئاسەوارە خراپەکانی توندوتیژی لە چیدا کۆ دەکەیتەوە؟**

- ترسناکترین ئاسەوار لایەنی سایکۆلۆژییە، توندوتیژی گرێی دەروونی خەتەرناك لە دەروون دروست دەکات، هەندێ جار کەسەکە تووشی (انفصام الشخصية) دەکات لەوێوەش دابڕان و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کەسە روودەدات.

خراپترین جۆری توندوتیژی، توندوتیژی خێزانییە، چونکە هەندێ جار شێوەیەکی بۆ ماوەیی وەردەگرێت، ئەو دایك و کچەی توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت ئەویش رۆژێك لە رۆژان کە دەسەڵات و هێزی دەبێ بەرامبەر لە خۆی لاوازتر پەیڕەوی دەکات هەندێ لە دایکان لەگەڵ ئەوەی خۆیان قوربانی ئەو دیاردەیەن، کەچی ئەوانیش توندوتیژی مەعنەوی دەرهەق بە کچەکانیان پەیڕەو دەکەن زەرەرمەنترین کەس لە توندوتیژی خێزانی منداڵە ئەوان قوربانی یەکەم و کۆتایین.

**• ئەو رێگە و شێوازانە چین کە پێویستە لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیدا بگیرێنە بەر؟**

-بە پلەی یەکەم ئەرکی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسییە نەخشە پلان و رێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر و بەهۆی یاساوە رێگری و بەربەست لەبەردەم سەرپێچیکاران دابنێ و سزای توندیان بدات.

پێم باشە هاوتا لەگەڵ سزای بەندکردنی پیاوانی توندوتیژ غەرامەی داراییشیان بەسەر بچەسپێ و ئەو غەرامەیەش بە قوربانییەکە بدرێت، لە رووی کۆمەڵگەی مەدەنییەوەش ئەرکی رێکخراوە نا حکومییەکانە، بەهۆی سیمینار و وۆرك شۆپ و کۆنفرانسەوە هۆشیاری مەدەنی پێشکەش بە خەڵکی بکەن، ناکرێ رۆڵی میدیاش لەبەرچاو نەگیرێ بەهۆی ئەو دەسەڵات و کاریگەرییەی لە نێو کۆمەڵدا هەیەتی، دەوڵەتیش دەکارێ لە سیستەمی پەروەردەدا پرەنسیپی داد و یەکسانی جێگیر بکا و دیاردەکانی جیاکاری و توندوتیژی ژێندەرەی بنەبڕ بکات.

**ئەمرۆ ترسناکترین و توندوتیژترین سەردەمە لە مێژووی هاوچەرخی ژنانی عێراقدا**

